# ئاژانسی موتڵەع خشتەی کۆبوونەوەی سبەی سێشەممەی پەرلەمانی عێراق بڵاودەکاتەوە



پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی دەدات و راپۆرتێک لەبارەی پاراستنی موڵک و ماڵی دەوڵەت دەخرێتەڕوو.

پەرلەمانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتڵەع کەوتووە خشتەی کۆبوونەوەی 2025-03-11ی بڵاوکردەوە، کە شەش بڕگەیە. لەو کۆبوونەوەیەدا دەنگ لەسەر هەمواری یاسای وەبەرهێنەرانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵ، لەگەڵ راسپاردەیەک بە وەزارەتی پەروەردە بۆ کارکردنەوە بە سیستمی تێپەڕاندن (عبوور) لە قوتابخانەکاندا دەدرێت.

هەروەها خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەردوو پڕۆژەیاسای هەمواری کاری موختارەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی هەڵگرتنی ڤیزا لەنێوان عێراق و قوبرس دەکرێت.